# خەریكە كێشە لەنێوان عەلمانی و گروپە مەزهەبییەكاندا دروست دەبێت

دكتۆر رەوف عوسمان پەرلەمانتاری عێراق لە لیستی هاوپەیمانی كوردستان و جێگری سەرۆكی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە و لەدیدارێكی ڕۆژنامەی ئاسۆدا سەبارەت بەكاری لیژنەكە دەڵێت ( لیژنەكە پەیوەندییەكانی فرە لایەنەو پەیوەندی بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و دەستەی شوێنەوارناسی و وەزارەتی گەشت و گوزارو بواری ڕاگەیاندن و ڕووناكبیری و ڕۆژنامەنووسانەوە هەیە )ئە وپێیوایە (( ڕۆشنبیری ڕەنگدانەوەی باری كۆمەڵگەیە لە هەموو ڕووەكانەوە )) .

هەروەك بە بیری هێنایەوە كە عێراق بەدرێژایی تەمەنی بەعس و پێش ئەویش ڕووناكبیرییەكی یەك لایەنەی بەرهەمهێناوە و زیاتر ئەو دەنگانەی سەربەخۆ و دژە بەعس بوون ، هەموویان كپكراون .

دكتۆر رەوف بڕوای وایە پەیوەندی ڕووناكبیری لە عێراقدا لە ئاستێكدا نیە دڵ خۆش بكات ووتی (( خەریكە جۆرێك لە كپ كردنی دەنگ وكێشە لەنێوان عەلمانیەت و گروپە مەزهەبییەكاندا دروست دەبێت و حەلا ڵە وحەرامەو هەندێك هۆكاری تریش زۆرجار بەشێوەی سەیرو سەمەرەیی بەكاردە هێنن و هەرئەوەشە بۆتە هۆكاری نەگەڕانەوەی ژمارەیەكی زۆر لەداهێنەرانی عێراق )) .

ناوبراو پێیوایە (( ڕووناكبیری لەهەر وولاتێكدا ڕنگدانەوەی میكانیكی باری سیاسی نییە ، واتە باشی و خراپی باری سیاسی دەمودەست كاریگەری لەسەر بواری ڕۆشنبیری بكات ،چونكە داهێنان زۆر جار مەرج نییە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و میكانیكی بە بواری سیاسی و ئەمنییەوە هەبێت )) .

بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەشی نمونە بە گەورە داهێنەرانی وەك مەكسیم گۆركی و ئۆلۆستۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت (( مەرج نییە ئەوان هەموویان لە بارودۆخێكی ئابووری و سیاسی باشدابووبن ،لەبەرئەوە پەیوەندی باری سیاسی لەگەڵ ڕۆشنبیریدا ناڕاستەوخۆیە )) ، بۆیە دەڵێت (( لەسەردەمەكانی پێش بەعس ئەوفاكتەرانە بەوشێوەیە یەكجار ڕۆڵیان نەبوو ، بۆیە كۆمەڵێك داهێنەری گەورەی وەك جەواهیری و بەدر شاكر سییاب و محمود ئەحمەد سید كە پێشەوای ڕۆمان نووس لە وولاتە عەرەبییەكاندا هەبوون لە میللەتی كوردیشدا كۆمەڵێك داهێنەر دروست ببوون ، بەلام لەئێستادا جۆرێك لە داكشان و نیشتنەوە بەسەر داهێنان و ڕووناكبیری عێراقدا هاتووە )) .

یەكێكی تر لەكارەكانی لیژنەكە گۆڕینی ئالای عێراقە و لەو بارەیەوە دەڵێت (( دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام بە پەلە ئالایەك دروست كرا ، بەلام پەسەند نەكراو هەر بەمردوویی لەدایك بوو ، دواتر ئالاكەدەست كارییەكی كەمی تێدا كرا كە بریتی بە لە گۆڕینی شێوازی ووشەی ( الله اكبر ) لەخەتی سەدامەوە بۆ خەتی كوفی ، ئە مە بەردەوام دەبێت تانزیك

بوونەوەی کاتی بەستنی کۆنگرەی پەرلەمانتارانی عەرەب لەشاری هەولێر ، سەرۆکایەتی هەرێم ئامادەنەبوو ئە وئالأیەی عێراق لە هەولێر هەڵ بکرێت ، بۆیە بە پەلە و بۆئەوەی تووشی هیچ گرفتێك نەبین ئالأکەمان گۆ ڕی ، بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە پەسەند کرا .

هەروەها باسی لەو مشتوومڕەشکرد کەلەسەر مانەوەی ووشەی ( الله اکبر ) ی نێو ئالأکە دروست بوو ، دەڵێت (( یەکێك بووم لەو کەسانەی قسەم لەسەر بوونی ئەو ووشەیە کرد ، چونکە پێدەچێت خۆپیشاند ان بەرامبەر بەحکومەت بکرێت و ئالأکە دووچاری سووتان و کەوتنە ژێر پێی خەڵکی ببێت ، بەلأم هەندێك ئەندام بۆچوونیان وابوو کە ئەمە کێشەی نێوان عەلمانیەت و ئایینپەروەرییە )) .سەبارەت بە سەرلەنوێ گۆڕینی ئالأی عێراق کەلێژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان لێژنەیەکی تایبەتی بۆ پێك هێناوە و بڕیارە تاکۆتایی ئەمساڵ ئالأیەکی هەمیشەیی بۆ عێراق دروست بکرێت ووتی (( لێژنەکە پێك هاتووە لە کۆمەڵێك کەسایەتی یاساناس و بڕیار بوو نوێنەری سەرۆکایەتی کۆمارو ئە نجومەنی وەزیرانیشی ئامادەبن ، بەلأم نوێنەرەکەی ئەو دوانە نەهات ، ئێستا دەستمان کرد بە بلأوکردنەوەی ڕیکلام لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا و ، داوای کۆمەڵێك مواسەفا تمانکردووە کەدەبێت هەبن و گرنگترینیان دەبێت ئالأکە گوزارشت لە پێك هاتەکانی عێراق بکات )) .

ئاماژەشیدا بەوەی (( تائێستا چوار جار ئالأی عێراق گۆڕاوە ، بەلأم پرس بەکورد نەکراوە ، بەلأم ئێستا دەرفەتێك هاتۆتە پێشەوە و داوا لەهەموو هونەرمەندانی کورد دەکەین کەهەوڵ بدەن دیزاین بۆ ئالأی نوێی عێراق بکەن و ڕەمزێك بۆ لە ئالأکە دابنێین )) ، بۆیە ئەو لەڕێی ڕۆژنامەی ئاسۆوە داوای لە هونەرمەندانی کورد کرد بتوانن ڕۆڵی کاریگەری خۆیان ببینن و بتوانن یەکەمیمان بۆ بچڕن دیزاینی خۆیان پێش کەش بکەن و کەس لە شکستیش نەترسێت ، چونکە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئالأکە زۆر بەنهێنی دەبێت ، سەبارەت بەبڕی خەلأتەکانیش ووتی (( یەکەم ٥٠ ملیۆن و دووەم ٣٠ ملیۆن و سێیەمیش ١٥ ملیۆن دیناری عێراقی پێ دەبەخشرێت ، ئەمە سەرەڕای خەلأتە مە عنەویەکەش )) .

لەبارەی گۆڕینی سرودی نیشتیمانییەوە دەڵێت (( ئە و لێژنەیەی کە هەیە درێژەی دەبێت بۆ هەڵبژاردنی سرودی نیشتیمانی و ئارامی عێراق و دەبێت ئەوانیش تەعبیر لە پێکهاتەکانی عێراق بکەن ، دوای هەڵبژاردنی ئالأی عێراق دەست دەکەین بەهەڵبژاردنی ئارم و سرودی عێراق )) .

سەبارەت بە پەیوەندی لێژنەکەیان بەلێژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری پەرلەمانی کوردستانەوە ئا ماژە بۆ ئەوە دەکات کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەو لێژنەیەدا نییە .

وتی (( پێویستە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم و مەرکەزدا هەبێت و هەوڵیش بدرێت کۆمەڵێك کتێبی مێژوویی کوردی بەعەرەبی چاپ بکرێت و ئە و ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی وەزارەتی ڕئشنبیری کوردستان و ئێمەی کورد ))

ئاسۆ / ژمارە( ٨٢٥ ) دووشەمە بەروار ٢٩ / ٩/ ٢٠٠٩